
# ئەنجامدانی کرداری ژمێریاری لە پرۆگرامی Wordدا زۆر بەخێراییە



پرۆگرامی word کە لە ریزی پرۆگرامەکانی officeی مایکرۆسۆفت دایە، لە ریزی یەکەمی ئەو پرۆگرامانە دایە کە سوودی زۆری لێوەردەگیرێ، لەکاری رۆژنامەوانیدا بەبێ پرۆگرامی word کارەکان بە دژواری بەرێوە دەچن، هەتا ئێستاش پرۆگرامی لەو باشتر نەهاتۆتە بەرهەم. بەڵام گرفتی ئەو پرۆگرامە لەوە دایە کە ئەرکەکانی وەك ژمێریاری پێ ئەنجام نادرێن، بۆ نموونە بۆ کردارێکی ژمێریاری زۆر بچووکیش دەبێ پەنا بۆ پرۆگرامی Excel بەرن، هەڵبەتە منیش تاکو دوای خوێندنەوەی ئەم بابەتە ئاگادار نەبووم، کە ئەو پرۆگرامە ئیمکاناتی جێبەجێکردنی کردارەکانی ژمێریاریشی هەیە. بۆ چالاك کردنی توانای ئەنجامدانی کردارەکانی بیرکاری ئەم هەنگاوانە بگرنە بەر.

لە قائیمەی Tools دا بەشی Comstomize بکەنەوە. دوای کردنەوەی ئەوە پەنجەرەیەك دەردەکەوێت، لەو پەنجەرەیەدا لەلای قائیمەکان بەشی Tools Calculate بدۆزەوە. کە دۆزیتەوە لە ریزی قائیمەکان دایبنێ. دوای ئەوە هەرکاتێك کە کردارێکی بیرکاریت بۆ هاتە پێش بۆ نموونە 253+777 دوای ئەوە Enter لێبدە. ئێستاکە ئەو ژمارەیە (select) واتە دیاری بکە، دواتر فرمانی Tools Calculate لێبدە و پاشان دوگمەی Ctrl و V لێبدە، دوای ئەوە ئۆتۆماتیکی ئاکامەکەت بۆ دەردەکەوێت. ئەگەر تاقی بکەنەوە بۆتان دەردەکەوێت ئەنجامدانی کردارەکانی بیرکاری لە وۆردا چەندە سانایە.



# سکانەرێکی پێشکەوتووی EPSON

سکانەر یەکێکە لە ئامرازە گرنگە لاوەکییەکانی کۆمپیوتەر، دوای کیبۆرد یەکەمین ئامرازە کە زانیاری بۆ ناو کۆمپیوتەر دەگوازێتەوە، ئەرکی سکانەر ئەوەیە کە ئەو بەڵگەی کە دەیخەیە ناو سکانەرەکە جا بەڵگەکە وێنە بێت یان دەق، دەیگوازێتەوە بۆ ناو کۆمپیوتەر و لەوێدا دەتوانی دەستکاری بەڵگەکە بکەی.

سکانەرەکان جۆراوجۆرن، دیقە و قەبارە و ئەرکەکانیشیان جیاوازە، هەندێکیان دەتوانن دەقی نووسین جارێکی دیکە بکەنەوە دەق.

کۆمپانیای Epson سکانەرێکی نوێی هێناوەتە بەرهەم کە تەکنەلۆژییەکی تایبەتی لەگەڵدایە، ئەو وێنانەی کە سکانی دەکات ئەگەر کۆن و تۆز لێ نیشتبوو بوون، جارێکی دیکە نوێیان دەکاتەوە. جگە لەوەش پرۆگرامی Automatic scan cleaning تێدایە کە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەڵە زەقەکانی وێنە سکانکراوەکە لادەبات، وەك گچڵاو و دڕان و پەڵەی سەر وێنەکە.

دیقەی سکان کردنەکەی زۆر بەرزە واتە 4800Dpi و جگە لەوەش لە پۆرتی USB2 سوود وەردەگرێ. هەروەها دەتوانێ فیلمی نێگەتیڤیش سکان بکا.


# وێب کەمێك لە شێوەی ئینجانە

وێبکەمێکی نوێ بەناوی Boyne Alibi هاتۆتە بەرهەم کە جیاوازیکی زۆری هەیە لەگەڵ وێبکەمەکانی دیکە، دیقەی ئەم وێنەیە لە کاتی وێنەگرتندا دەگاتە 3/1 میگاپیکسل و لەکاتی فیلمهەڵگرتنەوەشدا 640×480 پیکسلە. ئەو وێبکەمە سپیکەرێکی تایبەتیشی لەگەڵدایە کە هێزی بڵاوکردنەوەکەی 5 واتە و خاوەنی مایکرۆفۆنیشە. بەمجۆرە بەکارهێنەر دەتوانێ هاوکات لەگەڵ بەرێ کردنی وێنە، دەنگیش بەرێ بکات و گوێ لە دەنگ بگرێ. شێوەکەی وەك ئینجانەی گوڵ دەچێت. ئەم وێب کەمە لەگەڵ کۆمپیوتەرەکانی MACی کۆمپانیای Appleیش دەگونجێ و لە پرۆگرامەکانی تەکنەلۆژیای VOIPیش پشتیوانی دەکات. لێنزی ئەو وێب کەمە توانای سوورانی 25 پلە بەشێوەی ستوونی و 300 پلە بە شێوەی ئاسۆیی هەیە. کێشی ئەو وێب کەمە 698 گرامە.



# پرۆگرامی Beyond TV پرۆگرامێکی زۆر بەهێز بۆ TV

Beyond TV نــاوی پرۆگرامێکــی زۆر بەهێــزە کە لەلایەن کۆمپانیــای Snap Strem Mediaهاتۆتــە بەرهــەم و ئیمکانــی کۆنتــرۆڵ کردنــی تــەواوی تەلەڤزیۆنی مــاڵ و تۆمارکــردن و بڵاوکردنــەوەی دیمەنی تەلەڤزیۆنی بە ئاســتێکی بەرزەوە هەیــە، بەهۆی ئەو پرۆگرامــەوە و بوونی سیستمێکی گونجاو هەندێك ئامرازی دیکە، ئێوە چەندین بەرابەر دەتوانن لە سەیر کردنی تەلەڤزیۆن چێژ وەربگرن. تایبەتمەندییەکانی ئەو پرۆگرامە:



تۆمارکردنــی دیمەنەکانــی تەلەڤزیۆن بــە فۆرماتەکانی Divx، WMV mpege. توانــای بەدواداگــەڕان لەنێو فیلــم و پرۆگرامە جۆراوجۆرەکان، بەو مەرجەی کە تۆڕێکی ناوخۆیی پشتیوانی لێبکات. بردنە پێشی ڕێکلامــە بازرگانییــەکان بەشــێوەیەکی هۆشــمەند و ئۆتۆماتیــك. توانــای هێنانەپێشەوەو بردنە دواوەی ئەو دیمەنانەی کە هەنووکــە بڵاودەکرێنــەوە، هەتا 30 چرکە. کۆپی کردنی فایلە خەزن کراوەکان لەسەر DVD بە دیقەیەکی بەرزەوە.




## جێگرەوەی کارتی میمۆری

کۆمپانیای IBM بە هاوکاری دوو کۆمپانیای دیکە توانی لە بەرهەمهێنانی رامێکی نوێدا سەرکەوتن بەدەست بێنێ. ئەو رامــە نوێیە بەناوی (PRAM) کە کە دەکرێ لە داهاتوودا شوێنی کارت میمۆری و هارددیسکەکان بگرێتەوە.

خێرایی خەزن کردن لەو رامەدا 500 هەزار جار خێراترە لە فلاش میمۆرییەکان و وزەی کارەباشی تا 50%کەمترە.

مەدارەکانی ئەو فلاشــە نوێیە زۆر باریکن، بەهۆی ئەوەی ئــەو کارت میمۆرییانــەی کە لە کامێــرا و مۆبایل دەخرێن تەمەنیــان زۆر کەمە و ئیمکانی لەناوچوونیان زۆرە، هەربۆیە ئەم جۆرە میمۆرییە جێگای دەگرێتەوە. شایانی ئاماژە پێدانە لە کارتــی میمۆریدا پاش 100 هەزار جــار خەزن کردن و سڕینەوەی داتاکانی ســەری ئیدی کارت میمۆرییەکە بەرەو لەناوچوو دەچێت.




## پرۆگرامی Globe7 جێگای سەتەلایت دەگرێتەوە





بەســوود وەردرتن لە پرۆگرامی Globe7 دەتوانن بە ســانایی لە کۆمپیوتەرەکەتاندا زیاتر لە ســێ سەد هەزار کەناڵی تەلەڤزیۆنی و رادیۆیی ســوود وەربگرن، بەهۆی ئەو پرۆگرامە دەتوانێ سەیری تەلەڤزیۆنەکانــی جیهان بکەی و گوێ لە رادیۆکان بگری. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەکرێ بڵێین پێویستت بە سەتەلایت نابێت. ئەرکەکانی ئــەو پرۆگرامە هەر لە توانای بڵاوکردنــەوەی تەلەڤزیۆن و رادیۆدا کــورت نەکراوەتەوە، بگرە بەهۆی ئەو پرۆگرامە دەتوانی بە خۆڕایی تەلەفۆن بکەی، هەروەها یەك گیگابایتیش شــوێنی هەیە بۆ ئەپلود کردنی فلایلەکانی ئێوە. دواییــن هەواڵەکانی جیهان، کەش و هەوا، توانــای بڵاوکردنەوەی فایلی دەنگ و ڕەنــگ، توانای پەیوەندی گرتنــی ڤیدیۆیی بــۆ ئەوەانەی لە وێب کەم ســوود وەرد گرتن لەو پرۆگرامە دا هەیە.



# ئامێری بەرگری کردن لە گەرمای کۆمپیوتەر






ڕەنگە هەموو لایەك ئاگاداری ئەوە بن، ئامێرە ئەلکترۆنییەکان، تەلەڤزیۆن، بەفرگر، کۆمپیوتەر و.. پێویستیان بە فێنك کردنەوە هەبێ، چونکە بەهۆی گەرمای ناو دینەمۆی ئامێرەکە ئەگەر فێنك کەرەوەیەك نەبێ، بە ماوەیەکی کەم ئامێرەکە دەوەستێ و دەسووتێ. ئامێرەکانی وەك تەلەڤزیۆن و سەتەلایت و کۆمپیوتەر گشتیان کەلێنێکیان هەیە بۆ فێنك کردنەوە، لەنێو ئەو ئامێرانەدا ئامێری کۆمپیوتەر بەهۆی ئەوەی کە CPU واتە دڵی کۆمپیوتەر زۆر زۆر چالاکە و ئەگەر (فەن)ێك واتە پەنکەیەکی تایبەت نەبێت، CPU فێنك بکاتەوە، بە ماوەی چەند کاتژمێرێك کۆمپیوتەر دەسووتێ.

سەرنجێك: هیچ کاتێك ئامێری تەلەڤزیۆن و سەتەلایت بە پارچە نایلۆنێك ڕووپۆش مەکەن، بگرە هیچ ڕووپۆشێکی بۆ دامەنێن، زۆر کەس بۆ ئەوەی کە ئامێرەکەی بە خاوێنی بمێنێتەوە، ڕووپۆشێك لە تەلەڤزیۆن و سەتەلایت دەدات، بەڵام ئەو ڕووپۆشە کەلێنی فێنك کردنەوە دەگرێ و لە ئاکامدا گەرمای ناو ئامێرەکە کە دەبێ بێتە دەر دەگەڕێتەوە و ئامێرەکە دەسووتێ.


لە کۆمپیوتەردا هەتا CPUیەکە بە توانا تر بێ و خێرایی زیاتر بێ، زۆرتر گەرم دادێ و پێویستی بە فێنك کردنەوەی زیاترە، بۆیە بە تەنیا (فەن)ی سەر CPU ناتوانێ فێنکی بکاتەوەو پێویستی بە ئامێری دیکە هەیە. بۆیە زۆر کەس لەو بڕوایە دایە بۆ فێنك کردنەوەی دڵی کۆمپیوتەر لە فێنك کەرەوەی ئاوەکی سوود وەربگرن (فەنێکە، زیاتر وەك موبەریدە دەچێت و مادەیەکی ئاوەکی تێدایە). زۆر کەسیش هەوڵ دەدا (ئۆرکلاك)ی CPU دەباتە سەرێ، کە ئەوە زۆر مەترسیدارە، چونکە پاش کاتژمێرێك کارکردن CPU دەسووتێ. ئەگەر شوێنی کۆمپیوتەرەکەش گەرم بێ واتە لە هاویندا، ئیدی ئەگەری سووتانی CPU زیاترە. بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەم گرفتەدا، کۆمپانیای Freezone توانی ئامێری Therm-electric بەرهەم بێنێ و بەم هۆیەوە گەمی CPU زۆر بەرەو خوارەوە دابەزێنێ. لە وێنەکانی خوارەوەدا دەبینی کە ئەو ئامێرە چۆن کار دەکات.





## وەڵامی پرسیارێک

# چۆن دەکرێ کۆمپیوتەر و لاپتۆپ بە تەلەڤزیۆنەوە پەیوەند بدرێ




■ **زۆر کەس ئەو پرسیارە دەکات کە چۆن دەکرێ کۆمپیوتەر یان لاپتۆپ بە تەلەڤزیۆن پەیوەند بدرێ. پێنج شێواز هەیە بۆ پەیوەند دانی کۆمپیوتەر و لاپتۆپ بە تەلەڤزیۆن، ئەویش بەستراوەتەوە بە جۆری تەلەڤزیۆنەکە.**

- **سوود وەرگرتن لە کێبڵی S-video**
- **سوود وەرگرتن لە کێبڵی VAG**
- **سود وەرگرتن لە کێبڵی DVI**
- **سوود وەرگرتن لە تەبدیلی (Scan Converter)**
- **سوود وەرگرتن لە شێوازی HDMI■**

### شێوازی یەکەم:

واتە ســـوود وەرگرتـــن لە کێبڵـــی S-Video یەکێکە لە شـــێوازە باوەکان بۆ پەیوەندیدانی کۆمپیوتەر بەتەلەڤزیۆن. ئەو کێبڵـــە زۆر هەرزانە و زۆربەی تەلەڤزیۆنەکان لە پۆرتی S-Video پشتیوانی دەکەن و تەنانەت زۆر لە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنـــی کارتی گرافیکـــی ئەو کێبڵە بـــە خۆڕایی لەگەڵ کارتی گرافیکـــی دەخەن. هەڵبەتـــە S-Videoەکان لە دوو جۆری ٤ پینـــی و ٧ پینـــی یان هەیـــە. (پین واتە دەرزی).




### شێوازی سێیەم:

سوود وەرگرتن لە کێبڵی DVI: کێبڵی DVI کە کورتکراوەی دەستەواژەی Digital Visual Interface ، یەکێکە لە باشـــترین شـــێوازەکان بۆ پەیوەندیدانی تەلەڤزیۆنی جۆری HDTV بە کۆمپیوتەر. ئەم شێوازە دیقەی زۆر بەرزە، بەڵام لە جۆری پەیوەندیدانەکە گرفتی هەیە. هەندێك لە کۆمپیوتەرەکان لەم جۆرە شێوازە پشـــتیوانی ناکەن. تەنانەت هەندێـــك لە تەلەڤزیۆنەکانی HDیـــش پشتیوانی لەو کێبڵە ناکەن.



### شێوازی دووەم:

ســـوود وەرگرتنە لە کێبڵی VAG : ئەگـــەر تەلەڤزیۆنەکان لە جۆری HDTV بێ باشـــترە لەو شـــێوازە سوود وەربگرن، چونکـــە کێبڵی VGA لە بواری دیقەوە زۆر لەســـەرترە لە S-Video و هەروەها نرخی ئـــەو کێبڵەش زۆر گران نییە، بـــەڵام لەبەر ئەوەی کە ئەم جۆرە پەیوەندییە لە تەلەڤزیۆنی ئاسایی دا نییە و بە زۆری هی تەلەڤزیـــۆنی HDیە.




### شێوازی چوارەم:

ســـوود وەرگرتن لە تەبدیلی (Scan Converter)، هەندێك تەبدیل هەن کە ئەو توانایان هەیە کە پەیوەندی VGA دەگۆڕن بە S-Video. خاڵێکی سەرنج ڕاکێش لەم بوارەدا ئەوەیە کـــە کۆمپانیـــای Smart home بەم دواییانە تە بد یلێکـــی دروست کردووە کە بە شێوازی وا یە رلە یـــس پە یو ە نـــد ی تەلەڤزیۆن بە کۆ مپیو تـــە ر دادەمەزرێنێ.



### شێوازی پێنجەم:

ســـوود وەرگرتن لە شـــێوازی کێبڵی HDMI، ئەم شێوازە هەتاکو ئێستا باشترین شێوازی پەیوەندی کۆمپیوتەر بە تەلەڤزیۆنە، لە بواری دیقەوش لە هەموو شـــێوازەکان لەســـەرترە. ئەم جۆرەیان دەنگ و ڕەنگ پێکەوە دەگوازێتەوە. کە هەڵبتە کۆمپیوتەرەکانی ئاسایی ئەم جۆرە پەیوەندییە ناخوێننەوە. تەنیا کۆمپیوتەری تایبەت بەخۆی لەم شێوازە پشتیوانی دەکات.